# ١٠٠ شــــەی ئـەویـن

# ١٠٠ شنەی ئەوین


- **بــابــەت:** شیعر
- **نوسینی:** هێمن زەندی
- **دیزایینی ناوەوە:** محمد حسێن خەتی
- **دیزایینی بەرگ:** ئیبراهیم صالح
- چاپ: یەکەم–٢٠١٩
- چاپخانە: فێربوون– ئێران
- قەبارە: ١٢ سم × ١٩ سم
- ژمارەی لاپەڕە: ١٥٠
- **تیراژ:** (١٠٠٠) دانە

لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی

(٤٧٥)ی ساڵی ٢٠١٩ی دراوەتێ

# ١٠٠ شنەی ئەوین

هێمن زەندی

چاپی یەکەم

٢٠١٩

**پێشکەشە** ...

**بە سەرچاوەی ئیلهامەکانم،**

**هاوسەرە خۆشەویستەکەم گوڵچین**

– ١ –

تۆ نازانی..

کەمن چەندە بیرت دەکەم

بەس هەر ئەوەندەت پێدەڵێم

هەموو کەسێك

خۆی لەنێو خۆیدا دوو کەسە

ئەمن بەبیری تۆوە سێم

***          ***

تۆ نازانی ..

کەمن چەندە خۆشم دەوێیی

بەس هەر ئەوەندەت پێدەڵێم

هەموو کەسێك

ئامادەیە بۆ خۆشەویستەکەی بژی

کەچی ئەمن

نەدەمەوێ بێ تۆ بژیم

نە ژینیشم بێ تۆ دەوێت

- ٢ -

خۆزگە مەحاڵ دەرگای نەبا

بەهەوەس پێیدا رەت دەبووم

جا ئەو کاتە وەك پەپوولـە

لـەدوای وەرزی دیداری تۆ

بەخۆم بەرەو مەرگ دەچووم.

-٣-

وەرە ماچم دێ

تامەزرۆی لێوم بە لێوت دەشکێ

لە تیڕامانی چاوەکانتدا

کە رەشێنەیان

ڕەنگی ڕەشێتی دنیای پێدەشکێ

بەڵکو گشت داخ و زامی چەندساڵەم

یا لێ دەردەکا

یا بەیەکجاری

دڵە ماندوەکەم لە ژیان دەشکێ

-٤-

تۆ زویری، منیش زویر

تۆ لـه من و منیش لـه خۆم

گەر زیز بوونت

ڕەواش نەبێ

هەرچەند کەوا لێبوردەییم بێ سنورە

هێشتا من نابوورم لـەخۆم.

-٥-

دوێنێ، دەمەو ئێوارە بوو کە دەرکەوتی
لەبەردەرگا
کاتێ کەوا نیگام کردی
بزەت هاتێ
بە بزەی تۆ
شادی
بزە
بەختەوەری
والآیان کرد لە رووم دەرگا

-٦-

لەسەردەمی عەولەمەو تەکنەلۆژیا

لە ڤایبەرو واتس ئاپ و

ماسنجەرو چیی و چیا ..

من ئەو نامەی بە پێنووسە دارینەکەی خۆم

دەینووسم

پێم جوانترو بۆندارترە

چونکە پێم وایە وشەکان

بۆنی ئەو مێخەکە دەدەن

کە هەمیشە

مووروە پرتەقاڵیەکانی

لەگەڵ گەردەنت شەڕ دەکەن

هەر بۆ ئەوەی

بۆنی ملوانکەی مێخەکت

بۆنە ساختەکانی تری

ئەو سەردەمە لەخۆ ون کەن.

-٧-

هێندە راماوم لـە چاوت

بچوکترین تیڕامانت دەخوێنمەوە

هێند تامەزرۆی دوانتم

بچوکترین جوڵەی دەمت دەهۆنمەوە

دڵنیامە

رۆمانێکی نەنوسراوی

فرمێسکێکی

لـە چاوانم قەتیس ماوی

بزە درۆیینەکانت هەست پێدەکەم

درۆش بکەی

رۆحی ڕاست گۆت خەم فرۆشە

بە تەلیسمێك، تێم دەگەینێ

خەمەکانت چەند بەجۆشەو لێت تێدەگەم

-٨-

وردە ... وردە

ئەڕۆم، پێکم خەست تر دەبێ

زمان سڕتر

پێك... پێك، زیاتر

بە باوەشت پەیوەست دەبم

هێدی ... هێدی

لەگەڵ ڕۆحت

بەرەفتارت پەست تر دەبم

کاتێ کەوا لەجیاتی خۆم

لە بەهەشتی باخی سینەی

جێژوان و کەونە لانی خۆم

دێوەزمەو ناحەز دەبینم

کە ئامادەم

مەرگی خۆمی تیا ببینم

نەك بێگانە

لە باوەشی تۆ ببینم

-٩-

گەر رووخساری خۆت ببینی، بەچاوی من

قەت ناوێری پێبکەنی

لـەبەر ئەوەی

دەڵێن نیوەی مرۆڤەکان

بەچاوی پیسەوە دەچن

پێمەکەنە

پرچیشت مەنیٚ لـە خەنە

ڕەوت و ڕۆینت بگۆڕە

دەوەکو بنیادەم بڕۆ

چیتر سوێندت لـەسەر نەخۆن

بڵێن لـە تایفەی پۆڕە

- ١٠ -

دوێنێ شەو وەك شەوانی تر
بە خەیاڵی تۆوە خەوتم
بۆ یەکەمجار لە خەونمدا
داوای دیاریت لێکردم
کراسێکی پرتەقاڵی و
ئێلەگێکی چوکلێتی تۆخت بۆ بکڕم
کەچی ئەمڕۆ، کە تۆم بینی
هەمان جلی داوات کرد لێم
لەبەرتا بوو
ترسام یەکێ
گوێی لە داواکەی تۆ بووبێ و
ئەو دەست پێشخەری کردبێ

بۆیە خۆم نەگرت پێم گوتی

ئەو جلانەت زۆر جوان لێدێ

کێ بۆی کردی؟!

-١١-

هەنگاوەکانم جیاواز بوو
ئەو سپێدەی تۆم تیابینی
نەك بە تەنیا هەنگاوەکان
بەڵکو نیگای
پاساریەکانی سەر تەلیش
جیاوازتربوون
گۆڕەپان و سەوزاییەکەی بەردەمماڵتان
دڵگیرتر بوون
من زانیومە، گوڵی شەوبۆ
بۆیە هەڵگری تاویەتی
تەنها بە شەو بۆن دەردەکا
کەچی من لەو سپێدەوە

بۆنی ئەو گوڵە شەوبۆیەی
لە کۆڵانەکەی ئێوەم کرد
تاکو ئێستاش
هەر هەڵوەدای ئەو بۆنەم و لە هیچ شوێنێکی
ئەو شارە بەدیم نەکرد

- ١٢ -

بەس پێم بڵێ..

چۆنت زانی، ئەو کراسە

سەوزە ئاڵەت هێندە لێدێ؟!

پێشم بڵێ

ئەو بزەیەی،

کاتێ لەگەڵ تیلە نیگاییێك بۆم دەکەی

چۆن ئەوەندە

شارەزایە لە پێکانێ و

نیشان دێنێ؟!

- ١٣ -

چیبکەم.. من بە دەست خۆم نیە

وەك هەمیشە هەوڵ دەدەم

لە هەست و خەیاڵ دەرت کەم

کەچی هیچ ڕۆژێك شك نابەم

خۆت نەخزێنیتە نێو یادیٛ

ئیٛ خۆ کوێرنیم..!!

لەسەیری سروشتی جوانا

گوێبیستی ئاوازی مامڵیٛ و

چەهچەهەی عەدنان کەریم

لە هەستی بۆن بێئاگانیم

هەموو ڕۆژیٛ

بۆنی مێخەك، بۆنی نێرگز

تێکەڵ بەرۆحی ئەوینم
هەر ساتێکی دەستم بەر شەمامە کەوێ
لـەخەویشدا
نەرمی جێگەو، پەڕەمووچەی سەرینەکەم
بەر رووومەت و بەر لـووت کەوێ
دێتەوە هزرم وەك جاران
جێژوان و
قاسپەی کەوی قەد پاڵاْن و
ترپە ترپی ژێر رەشماڵی نمەی باران.

- ١٤ -

کاتێ تۆ قاوەکەت نەخوارد

من و ... قاوەت، ساردکردەوە

کەچی من زۆر بەپەلە بووم

قاوەکەی خۆم بەگەرمی خستە سەر لێوم

لەو ڕۆژەوە

چی دەینۆشم

وا هەست دەکەم

لە قاوەم تاڵتر خواردتەوە.

- ١٥ -

چەند رۆژێکیش بەر لـە ئێستا
هەستم کرد، خەمێکت هەبوو
وەکو ئێستا
پێش ئەوەی هیچ بدرکێنی
لـێت حاڵی بووم
بەلاّم ئەوجاریش وەك ئێستا
پرسیارەکەم پێ نەوەستا
بەڵێن دەدەم
لـێرە بەدوا
هەر تەنکە خەمێکت هەبێ
ناڵێم، دەبێ خەمت چی بێ و کوا هەگبەی
خەم؟!

بەبێ پرس

دێمە دیوانی دڵتەوەو

خەمەکانت بۆ خۆم دەبەم.

- ١٦ -

**دەڵێی جگەرە مەکێشە ..!!**

**پیرت دەکا**

**بۆ سیەکانت خراپە**

**دڵیشت زۆر ماندوو دەکا**

**گەر تۆ خەمی دڵی منتە**

**لاوێتیشم دەپارێزی**

**ئاهی ساردی چاوەڕوانی**

**مەبەخشە بە سینەی گەرمم**

**هێندەش ڕەقێتی مەنوێنە**

**بەرامبەر بە دڵەی نەرمم.**

- ١٧ -

هەر پێم دەڵێی..

ئەدی بڕیارمان وانەبوو

نابێ چیتر

ناوی یەکتر، بۆیەك بێنین؟!

تۆ بە گوڵەو

منیش دڵە، بانگی یەك کەین؟!

ئاخر گوڵم

لەو ڕۆژەوەی دەڵێی دڵە

منی بێ دڵ

لەگەڵ خۆمدا، کەوتمە ملە

نە من شایەن بەدڵی تۆم

نە گوڵ بۆ تۆ پڕ بەدڵە.

- ١٨ -

چۆن باوەڕت بەدەورانی رۆژگار نیە؟!

بیرت نایە،

کاتێ کە چوین بۆ سینەما

کە تاریکی باڵی کێشا بەسەر هۆڵا

کەوتینە بۆسەی راموسان

کە چرا هەڵکرانەوە

ئێمە ببوین بە سینەما.!!

لەو رۆژەوە

من باوەڕم بە دەورانی رۆژگار هێناو

تۆمارم کرد لە سینەما

- ١٩ -

من بەرێکەوتی نازانم...

ڕەنگی جل و

هەمان کافێ و هەمان داواو

هەمان بزە

لەدوای هەڵسانیش لە کافێ

بۆ لای تابلۆ فرۆشەکە

من تابلۆی شیرینم کڕی

ئەتۆش ... فەرهاد

شەو، لەکاتی گفتوگۆمدا لەگەڵ شیرین

دڵنیابووم ڕێکەوت نەبوو

بۆمی درکاند

- ٢٠ -

چەندین جارە..

بەنیگایەك

دەمکەیتەوە بە کوڕێژگە

کاتێ کە دەم دەکەیتەوە

دەمکەیتەوە مامە خەمەو

دەورەم لێدەدەن

کوڕێژگە

- ٢١ -

هەتا ئێستاش

بە وزەی ماچەکانی تۆ

هەنگاوی ژین دەهاوێژم

تەنها بە یادی بزەی تۆ

ساکین دەبێ، سەری گێژم

دەنا خۆ چاك.. چاك دەزانم

بەسەر لوتکەی لاوی کەوتووم

دەمێکیشە

سەرەو لێژم

بەڵام کە باڵات دەبینم

پیری بە خەجاڵەتیەوە

دادەنوێنێ

سەری ڕێزم.

- ٢٢ -

دەزانی چەند بیرت دەکەم!!
بەقەد بوونت
بە قەد بوونم
بە قەد ئاگری دنیایە
کڵپەو بڵێسەی دەروونم
دەبێ تەمەن مەودابدا
ئاویزانی باوەشت بم
وەکو جاران ؟!
تێر بۆنت کەم، سەر پشك بم
لـە هەڵمژینی خوناوی گەردنی تۆو
فرمێسکی دابڕان لـە تۆ؟!
گوڵـم ئێستا
من بە یادەوەری دەژیم

دەنا لـەنێو خەمدا تەژیم

خەفەت لـە هەموو شتەکان

بەڵام دابڕان لـە گشتی

ناکا، بەو جوێنە سادانەی

کە پێت دەدام.

- ٢٣ -

ئەوا دیسان..

شەمێکی تر، لەسەر تەمەنی گوڵێنت

توایەوە

ساڵێك لاویمان هەڵوەری

پڕ تەنیایی

پڕ لە بێزوو بۆ باوەشت

چەند تاڵێك لە قژی سیست

سپی بوون و

چەند تاوێکیش پشتی کەڵمان

چەمایەوە

کۆڵێ یادو چاوەڕوانی

کۆڵێ ئاهو نیگەرانی

بوون بە شەمێك

لەسەر مێزی ئەژماری تەمەنی تۆدا

بەشەوقی ورەو هیواکان

توایەوە

خۆشەویستم

گەر خۆشەویستی هیچ نەکات

ئەوە بەسە ..

کە رووخساری ئەویندارە تاقانەکەی

لە ئاوێنەی تەمەنەوە سەیر نەکات

هەمیشە وای دەخوێنێتەوە

کەوا ئاسمان

ئەو پەریەی بۆ کرد بەخەڵات

- ٢٤ -

پەپوولەکەم..

ئەی بۆ دەڵێن کە پەپوولە

قەت ئازاری مرۆڤ نادا ؟!

لەو رۆژەوەی

بەرۆحی منت وەداوە

هیچ دەرمانێك

ئەو ژەهرەی بۆ دەرنەکردم

لەو رۆحە

شێت و داماوە!!

- ٢٥ -

گوێ بیست بویمە،

کات شمشێرە

ئەگەر نەیبڕیت .. دەتبڕێ!!

بەبێ تۆیی

چۆنی ببڕم، لە جێی کات

جگەرم دەبڕێ

کەچی کاتێ لە باوەشمای

نەك تەنها کات

بەڵکو خەم و نیگەرانیش

خۆی ناگرێ.

- ٢٦ -

ناهەقم مەگرە ژوانێك

لەگەڵ تۆدا

بە بەهەشتیش نەگۆڕمەوە

خۆ هیچ نەبێ

لە جیات سێوێك

كە باپیرەم

بەهەشتی بەرینی پێدا

من بە دوو سێو بیگۆڕمەوە!!

- ٢٧ -

پێش ئەوەی بێمە دیدەنت
لە گوڵزاری پیت و وشە
چەند دانەیەك
چەپك دەكەم
كە ئەتبینم، گوێچكەكانت گوێ ناگرن
چەپك لە زاری بێدارم
هەڵدەوەشێ
وا دەژاكێ
لەگوڵ نەبێ
لەگشت شتی دنیا دەچێ!

- ٢٨ -

لای تۆ من شیاوی ئەوەم
کە پێم بڵێی خۆشم دەوێی؟!
ئەگەر پێت وایە،
ئەو کەسەم
لەمڕۆ بەدوا
زیاترو زیاتر لەجاران
خۆم خۆشدەوێ

- ٢٩ -

وەرە با هەردووك پێكەوە

بچینە كۆرسی زمان

نەك ئەو كۆرسەی زمانی

بێگانەكانمان فێر دەكات

بەڵكو ئەوەی

فێرمان دەكات

كە زاراوەی پیت و وشەی ڕۆحەكانمان

بەبێ دوان

بێوەی جوڵەی زمان بكەن

لە یەكتری حاڵی بن و

رازەكانیان پەخشان بكەن.

- ٣٠ -

وا هەست دەكەم

مەحاڵ لـە ئەوینی تۆدا دەدۆزمەوە

ئەو سۆزو خۆشەویستیەی

بۆتۆم هەیە

بەس لـە سۆزی دایك دەچیٚ

لـە ئەوینی

هیچ ئەفسانەو

هیچ ئاشقیٚك

نایدۆزمەوە

*　　*　　*

لـە پەیڤینت

دەچمە نیٚو دەریای ئەوینت

وشەكانت

شەپۆل.. شەپۆل

دەمبەنە کەناری شیعرو

شیعریش

بەم هەموو تەمەنەی

سوژدە دەبا بۆ پەیڤینت

* * *

لە جوانیدا

هیچ پیا هەڵدانی پێ ناوێ

لەبەرچاووم

پڕشنگێکی

رووخساری پڕ لە تەلیسمت

بە هەزاران رەنگ

دەهاوێ

* * *

لە وەفادا

پێش ناسینت

باوەڕم بە وەفا نەبوو

من بە تۆوە وەفام ناسی

ئێستا بێی یەکتری ناژین

وەفا بوو بەدەریای پان و

ئێمەش ماسی

* * *

لە حەزیش دا

حەزی من تۆی

هەروەکو چۆن حەزت منم

بۆیە گەلێ شادمانم

کە تیغی ناز

دەنەخشێنی

لە گەردنم

*　　　*　　　*

لە ئاوێزانی باوەشت

ئارامییێك دامدەپۆشیٚ

لەگەڵ تێکەڵ بوونی ڕۆح و

بۆنی بەهەشت

وام لێدەکا

ناوی خۆشم بیر نەمێنیٚ

وەك سەرخۆشیٚ

*　　　*　　　*

ئەوەی دەمەویٚ پێت بڵێم

یەك داوایە

وەرە با نزایەك بکەین

بڵێین خوایە

لەیەکتریمان دامەبڕە، بەیەکەوە

سەفەر بکەین

بۆ ئەو جیهان

ببینە وێردی سەر زمان

هەموو بڵێن

چەند ڕاستگۆبوون

کە خوا فریشتەی مەرگی نارد

بەیەکەوە گیانیان سپارد.

- ٣١ -

ئازیزەکەم

گەر بێت و رۆژگاری ژینی

بەهەدەر چووم

بگێڕنەوە

تەنها هێندە دەگێڕمەوە

کەوا لەگەڵ تۆم

بەسەر برد

پێیان دەڵێم

ئەوانی تر

لەنێو هەمان هەگبەی شڕدا

بنێرنەوە.

- ٣٢ -

چی بنوسم..!

کاتیَ وا تیَدەگەیشتم

لیَم تیَدەگەی

دڵم خاڵی دەکردەوە

ئیَستا دڵنیام تیَم ناگەی

خەمەکانم

لە سینەم پەنگ دەخواتەوە

هۆ خەمی من

بۆیە ئیتر بڕیارمدا، گویَز نەژمیَرم

هەر خۆت و خەم

لە سینەمدا یەکتر بخۆن

تا کۆتایی دیَنن بەمن.

- ٣٣ -

بەبیٚ تۆیی، هێندە تەنیام

گوێم لـە ترپەی

دڵی خۆمە

دڵـم، تۆم هێندە مەبەستە

وا دەزانم

نەك هەر ترپە

بەڵـکە جەستەو سینەی ماندووش

ئاوێتەی رۆحی نغرۆمە

وێکڕام تێنووی

رۆحی تۆمە.

- ٣٤ -

به ئاوەژووی گشت خولقاوێکی
سروشتی
هەموو بەرگێك
بەڕەقێتی
ناوکه نەرم و ناسکەکەی خۆی
دەپارێزێ
کەچی تۆ بەو سینه نەرمەت
ئەو دڵه له شاخ ڕەق ترەت
خستۆته نێو
مەتەرێزێ.

* * *

لێوی قەندت چەشنی شاتوو
لەجێی سپی

سۆراوكی لیٚ دەتكیٚتەوە

پەیڤەكانت

وەك زەرەندە

لەكانی هەنگ دیٚنە دەروو

تالاٌویان لیٚ دەتلیٚتەوە

*           *           *

بە ئومیٚدم

بیٚ ئومیٚدیم.. كۆتایی بیٚ

لەسای سەرت

سەرم بە فیدای بالاٌت بیٚ

ئەگەر دەبمە

بەلاٌی سەرت

- ٣٥ -

دەزانی چیمان جیاوازە؟!

پەیڤ و دڵت،

بە چەشنی شاخ

خۆ دەردەخەن

پەیڤ و دڵی منیش پەمۆ

پەیڤ و سینەی فراوانم

دەپیارێزن بە چەشنی شاخ

ئەو جەستەو سینەی

وەك پەمۆ

* * *

نیگام ناکەی

ئەگەر بەتیلەی چاو نەبێ

چاوی منیش هیچ نابینێ

تیشکی ڕووخساری تۆ نەبێ
گوێبیستی هیچ دەنگێك نابم
لە چپەو دەنگی تۆ نەچێ
گوێ لە هەموو دەنگێك دەگری
بەس چپەی من
بەلای گوێچکەکانت ناچێ

*          *          *

بزەت بە فرمێسکی من دێ
بزەم دێ دوای ڕۆندکی خۆم
بەقەد سایەت سەیرم بکە
خۆمن دەمێکە سایەی تۆم

- ٣٦ -

ڕقم لێته..

ئەو ڕۆژانەی، که بەد قەولی

دەکەی به فەرهەنگی هەستت

که ویژدانت

نات هەژێنێ، ئایەخ نابێ

دڵەی مەستت

ڕقم لێته..

لەو ساتانەی، لەجیاتی خۆت

ڕۆحت دێته خەونەکانم

ئەو ساتانه

بۆ خەمانم

خۆم خاوەن ماڵ، خۆم میوانم.

- ٣٧ -

لـەوەتەی هەم تۆ دەناسم..

دەزانی بۆ؟!

لـەبەر ئەوەی پێش ناسینت

من هەر خۆشم نەدەناسی

نەك نازدارێکی وەکو تۆ!

* * *

لـەوەتەی هەم خۆشم دەوێی..

دەزانی بۆ؟!

چونکە لـەبەر خۆشەویستیت

ئاوێزانی

هیچ باوەشێکی تر نەبووم

بەدەر لـە تۆ

- ٣٨ -

ئێستاش نەرمەکەنیم دێتێ

کاتێ بەبیرم دێتەوە

یەکەم دیدار

چەندی کردت، پێکەنینت بۆ نەوەستا

لەبەرامبەر شلەژانم

لە جیاتی بەکارهێنانی

وشەی گیانەو هەناسەکەم

لێوەکانم تەتلەی دەکرد

وشە لە دەمم قرمسا

ئاخر گولم

ناهەق نەبووم

تۆ ئەو رۆژە، لە بەنی ئادەم بەدەر بووی

لە رەوت و رۆینت قەتێ و

بۆنت عەنبەر

پەیڤت شەکرو

شێوەت ئاسکی بەر ستێرەی

تیر ئەندازو

بەهاری شادی و قەدەر بووی.

- ٣٩ -

جاران کەبیرم دەکردی

حەزم بە تەنیایی دەکرد

بۆ خەیاڵە دوو قۆڵیەکەم

پەنام بۆ قاوەیەك دەبرد

ئێستا تاڵی قاوە لەلام

بوە بە هەنگوینی نسار

شیلەی وشەی دابڕانت

وەك خەو و خەیاڵە لەلام

داوای مەحاڵ لەتۆ ناکەم

بەتەنیا جارێك دەرکەوە

تەنکە خەم و نیگەرانیم

بۆ مەنزڵگای خۆی بەرەوە

ئەو ماچانەی کە ئۆخژنیان دەبەخشی بە

سەری مەستت

جارێکی تر بیان بەخشە

بەزمانی پڕ مەبەستت

دە دەرکەوە

کزەی جەرگم

چیتر مەشێوێنە تەمەن

مۆلەق مەکە، ئەو چاوانەی لەچاوانت

دەپێوێ هەنگاوی زەمەن

دڵم بەکەس دا نامرێ

جگە لەتۆ

دە ئەمجارەش لێم ببورە

(دەبا هەشتیش بێتە سەرنۆ)[1]

---

[1] پەندێکی کوردیە

- ٤٠ -

لـه پایزی تەمەنیش بم

بەدیدەنت

لـەجێی خەزان

بەهار نویٚ دەبێتەوە

پیریم لیٚ دەسلـەمێتەوە

دیدەنیم کە

ئەشاگوڵی باخی ژینم

تەنیا جاریٚ

لـەجیٚ ژووانیٚ

باسکت بکە بە سەرینم.

- ٤١ -

من گەر پشتیشم لەتۆ بێت
ترپەی دڵت
هەست پیٚ دەکەم
کە جێم دێڵێ
خەمەکانت بەجیٚ دێڵێ
ئەگەر چی من
دڵم لەنێو لەپت ناوە
چەندین جارە
بەخەندەوە
لەسوچێکدا بەجێی دێڵێ.

- ٤٢ -

وامدەزانی... بەس پێویستی
بە ون بوونت دڵنیا بووم
کە لە پێویست پێویستترو
لە هەناسەم نزیکتری
لە سیەکانم
ڕۆحی دووەمی جەستەمی
بەتۆوە وا میهرەبانم
تۆ ڕۆشنایی و
تۆ ڕۆندکی
بۆ چاوانم
کۆی ژیانم

- ٤٣ -

ئەوەی دوێنێ خەونی من بوو

ئەمڕۆ هاتە ژوانی ژین

کەچی ژین خۆی بوو بە خەون و

لە ئازاری خۆی راپەڕی و

بوو بە برین

* * *

ئەوەی دوێنێ خەونی تۆ بوو

ئەمڕۆ پێکات..

منت کردە بەندەی ئەشق و

رێی دووریانی

هات و نەهات.

- ٤٤ -

بەراورد بەساڵانی تر

تەمەن زێتر

هەڵکشاوە

کەچی چونکە تۆ ئاشنامی

ڕەنگ و روخساری جەوانیم

پیری بێ تۆیی هەڵلوشی و

رووخساری لاوی گێڕاوە

دەهەڵکشێ

بۆ ترۆپکی رۆحی پڕ لە ئیشق و ئەوین

ئەو رۆحانەی بێ ئەوینن

هەمیشە سەرکزو نەوین

والاکە هەستی را راییت

پەنجە مەنێ بەزامی ئەم گەورە ویستە

تاكە مەرهەمی ئەو زامە

وشە ناسك و

رازەكانی تۆی پێویستە

- ٤٥ -

منیش وەك تۆ هەوڵ دەدەم

لەبیرت کەم

وەکو تۆ چۆن بەیانیان

سەیری سەری کۆڵان دەکەی

خەیاڵت دەبێتە سەراب

من سەرابم دەبێ بەو خەیاڵە جوانەی

کە چاوەڕوان بووم

هەموو کات

هەروەکو تۆ

لەگەڵ زەنگی گشت پەیوەندی و نامەکانم

رادەچڵەکێم

کە ناوت دێ، دڵم خێراتر لێدەداو

نازانم کێم!

لەگەڵ هەموو بزەیەکم

دێیەوە یاد

فرمێسکم بۆ بەجێ دێڵی و

شادیەکانم

دەکەی بەرباد.

- ٤٦ -

دەزانم لەیەك دادەبڕێین
وەك وشی و مێو
قالك و هەنار
من دەبمە سووتماكی خاك و
تۆش بەرەو دیاری نادیار
دەزانم كە بەجێم دێڵی
وەكو ئەو ئاوە سازگارەی
دەخشێ لەسەر پشتی بەردی پەڕینەوەی
ڕێبوارانی چۆم و رووبار
بەڵام ئازیز
كەڕۆیشتی
سووكە ئاوڕێك بدەرەوە
بۆ ئەو قالكەی سەردەمانێك

پاراستنی لەئەستۆ بوو

سووکە ئاورێك بۆ ئەو بەردەی

لە سەنگەری هاژەو خورەت

خۆڕاگرو لەسەرخۆ بوو

- ٤٧ -

وامدەزانی ..

گەر نزیك بین لە یەكتری

بیرت ناكەم

كەچی كاتێ بەیەكەوەین

لەبەر خەیاڵاتی دووریت

هێند سڕ دەبم

وڕو كاسم

هەست بە جەستەی خۆشم ناكەم

كە دووریشی

هەموو دنیای ئاوەدانی لەمن دوورە

ژیان لەلام

زیندانێكی بێ سنورە

بۆیە پێم خۆشە یەك ڕۆح بین

لەدوو جەستەی پڕ لە ئەوین
تژی لە جەوانی و سۆزبین
بەسەر ئەستەما سەرکەوین

- ٤٨ -

مەڵێ بزێو

بەدیدەنیت، وەك منداڵێکی عەجولم

دەنا دوێنێ، ئەو کاتانە

بت دیمایە

لەسایەی لێك دابڕان و بەختی دزێو

دەتگوت بەزیو

کەچی ئێستا لە گەردنتە دەستی تەزیو

خۆم لێ بۆتەوە ئەو گەنجەی

وەك و نەمام

دەوەستام لەسەری کۆڵان

(زەی موحد) لەبالأی تۆدا دەبینم

وەکو جاران

- ٤٩ -

وەك شوشە بە

روون و رەق و بێگەردو جوان

بەس مەیبڕە

ئەو دەستەی لەپێناو پاکیت

دڵت لەلای خۆی بەند دەکاو

لێشی دەبێ بە دەرگەوان

- ٥٠ -

خۆت سادەییت لێدەچۆڕێ

بۆیە وشە وەك پەروانە

لەسەر شەمی هەستی جوانت هەڵدەسوڕێ.

جوانی، هەر لە بالاّی تۆدێ

بۆیە پۆشاك

بالاّ دەكا.. لە بالاّتا

بێ چاوی بێ.. بەلاّت نێتێ.

مكیاژ پێت دەڕازێتەوە

ڕازانی، خۆت

بۆیە كە خۆت حەشار دەدەی

خەنی دەبن سەرپۆش و كۆت

- ٥١ -

گرنگ نیە.. تۆ رووبەڕوو
هیچ وشەیەك نادركێنی بۆ هەستی من
دڵنیابە،
هەستم لەوە تیژ رۆترە
كە خەیاڵ و هەستەكانت بخوێنتەوە
ئاگادارم
بەیانیان كە خەیاڵت بەشنەیەك
بۆ لای من دێت
بە پەنجە پڕ رازەكانت
پرچی هیواو تاسەكانم شانە دەكاو
لەسەر سینەی بەفرینیت دا
دوای وچانێك
دەشنێتەوە

- ٥٢ -

گمەی کۆتر

لەچاو چپەو دەنگی تۆدا

هەر دەنگ نیە

ڕەنگاڵە لەچاو رووخسارت

لەبەر شەوقی تریفەی مانگ

هەر رەنگ نیە

زویر بونت ئازارێکە

باوەڕ بکە، کە هیچ کەسێ لێی دەرناچێ

ئیتر وابە

بە ئازارەوە دامەبڕێ

دەباگمەت بەردەوام بێت

کۆڵکە زێڕینەی گەردنت

بۆ هەمیشە

لە جیاتی پەتی سێدارە

لە گەردەن و ملم دابێ.

- ٥٣ -

مانگ گیراوە

خەڵك تێكرا شڵەژاوە

ئەی بۆ تانە لە من دەدەن!

مانگی من بۆ چوارساڵ دەچێ

لە ئاسمانی من بتڕازێ

تریفەی بۆ گشت لا دەچێ.

-٥٤-

ئەو نسارە

پڕە لە ئاوازی عەشق و

لە جریوەی بەختەوەری

مانگە شەوە، چاوەڕێتم

گیانە، خەوت لێ نەکەوی

*          *          *

بۆچی شەوچەرەت هێناوە!

بۆ پێت وایە

لە جێی هەنگوینی لێوانت

لە جێی جووتە هەرمێیانت

شیلەو هەرمێ ی کۆلت بخۆم؟!

تێت ڕامێنم

بزە بکەی

بێ ماچ و موچ

هەڵسی بڕۆی، هەڵسم بڕۆم؟!

*  *  *

ژوانێك لەو مانگەشەوە

گوێچكە پڕ لە سەدای كەوە

لەو ئاو و هەوا سازگارە

راموسان و ماچ حەڵاڵە

ئەوەی حەرامە هەر خەوە

خۆزگە شەوی ئەو كوێستانە

بەقەدەر ساڵێك درێژ با

جا با تەمەنم،

چەند شەوێك لەو شەوە درێژانەباو

چیتر نەبا.

- ٥٥ -

ئەو شتانەی بۆت ناردمەوە

هەموو ئەو شتانە نەبوو

کە لەلات بوو

تەنها وێنە داماوەکان

لەگەڵ چەند پەڕە کاخەزێ

بە وشەو پیت

تابلۆی عەشقی تیا نەخشابوو

ئەی کوا ئەو هەموو خەیاڵە

کوانێ هێندە خەونە تاڵە

ئاگاداربە

کە دڵیشم دەنێریەوە

ماڵە جوان و خنجیلەکەی لێ تێك نەدەی

ئاگات لە دەخیلەی ماچ بێ
لێی هەڵنەڕژێ
یادەکانی لێ نەپڕژێ
چونکە ئەو دڵە بچکۆڵە
فرچکی بەتۆ گرتوە
زەحمەتە بەبێ ئەو دڵە
وا زوو بەریدا ئەو خووە

- ٥٦ -

دەزانم دڵی تۆش چۆنە

لە شەست چرکە،

چەند لێدەدا

چۆن چاوەڕێی..

ئەنگوستە چاوی شەو دەکەی

چەند بەتاسە

بۆ نێو لەپی جێژوانمان

گێنگڵ دەدەی

- ٥٧ -

ئەو ئەوینەی

لە نیگایەکدا پەیدا بوو

ئەوینێکی خودایی بوو

بۆیە دڵمان

بۆ دڵی یەکتر شەیدابوو

هەر لە یەکەم چرکە ساتی یەکتر بینین

دڵ خورپەی کرد

پێی گوتم کە بۆ یەك دەبین

دەبا ئێستاش

ژیان بکەین بە ئاوێنەی خۆشەویستی

بۆیەك بژین

تاسەر ببەین

ئەو پەیمانەی بەیەکماندا

لە ئاست یەکتر

خۆنەویستی

- ٥٨ -

من كە تەونی

هەموو خەونی

شادیم لەسەر داکوتیبوو

کوندە پەپۆی بەدو شوومیم

لە سایەیدا هەڵفڕیبوو

هەربەخۆم، بەخۆمم دەگوت:

چ کارێکت بە مەی ماوە؟!

چ حەزێکت لە شەڕابی پڕ لە مەستی و،

چ باکێکت بە خەم ماوە؟!

ئەفسوس لەگەڵ کۆچت ئێستا

جگە لە خەم

هەگبەم، هیچی تیا نەماوە

- ٥٩ -

سەردەمانێك..

وامدەزانی، ژیان بێ تۆ

تفت و تاڵە

چەند گەمژە بووم!!

ژیان بێ تۆ

کوا وجودی

تا بیچێژی و بڵێی

تاڵە.

- ٦٠ -

لێبوردەیی..

هەر لەتۆ دەوەشێتەوە

من دڵنیام

خودای پەنهان

هێندەی جوانی هەموو جیهان

جوانی بەتۆ نەدەبەخشی

گەر ناخیشت وەکو روخسارت جوان نەبا

بۆیە تکا دەکەم دەڵێم

ئازیزی من

لێ بوردە بە

- ٦١ -

دە جارێك..

وەك ئەو شەوانەی

کە تەنیایی،

خەیاڵت هانای بۆم دێنا

شەوێکیش وەك ئەو شەوانە

هانا بۆ خەیاڵم بێنە

* * *

تاکو نەڵێی خەیاڵەکان

لەیەك ناچن

بزانی کە

چەند هۆگری

دەست لەملان و

بزەو ماچن

- ٦٢ -

من بەبێ دەنگیت سەخڵەتم

بەقەد ئەوەی

بە پەیڤی ڕەق

هەوڵی سوکە وەڵام دەدەی

دیار نەبوونت

پەستم دەکا

بەقەد ئەوەی

لەگەڵ نەیار دەست لــەملان بــی و بەبــەردەمم

گوزەر بکەی

- ٦٣ -

شەو خەونم پێتەوە بینی

ئەو نێرگزانەی لە لەچکی کراسەکەت

هۆنیبووەوە، بەستبونت لە کەمەرت

گوێم بۆ گلەییان شل کرد

گوتیان ئێمەی وا بەستووە

هەدای هەناسەشمان نادا

منیش ڕووی خۆم لێیان لادا

خۆزگەم دەخواست

لە جێگەی ئەواندا من بام

شەتەك دراوی دەستت بام

بۆ تاهەتا

بە کەمەرت وەنوسابام

نەك وەك ئێستا

ئاوا لە دووریت سوتابام

- ٦٤ -

ئێ گیانە بۆ..

وات نیشاندا کە تۆراوی؟!

وا دیارە تۆ

نەت دەزانی، بەشۆخیش بێ

تۆرانی تۆ، شۆخی کوژە!

پیتەکان و زمان و سەر

کۆدی یەکتری ون دەکەن

تێکەڵ دەکەن گریەو بزە؟!

هەرسێك

هەر یەکەو لـەلایەك

سەر لـەیەکتر دەشێوێنن

چنینی پیت سەر شێت دەبێ

نابتە وشە

زمان لێك گرمۆڵە دەبێ

سەر، ناپڕژێتە سەر بڕیار

بڕیاری دەبێتە پڕژە!!

- ٦٥ -

زۆر کچۆڵەی جوان دەبینم
ئەبرۆ کەوان
بەژن بڵند
سەلارو دۆتی خان و مان
کەمەر باریك
کەزی درێژ
دڵی زامار، دەکەن سارێژ
لەپڕ کە تۆ دەردەکەوی
هێزو گوڕم
تیا نامێنێ
ئەوان هەموو وەکو مانگن
کەچی تۆ لە ئاسمانی من
هەیڤە شەوی

- ٦٦ -

بڕیار وابوو

کە لەسەفەر گەڕایتەوە

بێ سێ و دوو

ژوانێك لەگەڵ یەك سازکەین

سات بە ساتی

دابڕانی چەند ڕۆژەمان

بەچپە بۆیەك بەیان کەین

کەچی ئەوە بو بە مانگێك

تۆ لەسەفەر گەڕایتەوە

لە جێگەی ژووان ڕێك خستن

وەڵامیشم نادەیتەوە

تێگەیشتم

لە جێی شوشە عەترێك دیاری
بۆ ئەویندارە پاکەکەت
بە ئەوینێکی تازەوە
بۆ باوەشی
حەزێکی سەرشێت و گومڕا
گەڕایتەوە.

- ٦٧ -

ئەمڕۆ پەیم بە رازێك برد
كە پێت گوتم
چاوت زۆر گەش و جوان بووە
منیش گوتم:
لـە دووری تۆ
فرمێسكیان زۆر هەڵڕشتووە
تۆ بە كل و مسكارەكەت چاو ڕەش دەكەی
وەك چارەكەم
منیش ناچار
بە فرمێسك چاوەكانم چارە دەكەم
وەك چارەكەم

- ٦٨ -

هەر تاڵێکی قژی خاووت

بۆمن چڵی چنارێکە

خەندەیەکی لێوی ئاڵت

بۆمن هاژەی ڕووبارێکە

بەحەسرەتم، لەژێر لق و چڵ و پۆپی

ئەو چنارە

هێند ماچت کەم

تا تێر دەبین لە هەواری

ئەو بنارە

* * *

دەبا ئەمشەو لەو زەندۆڵە

بەهەشتێك بۆخۆمان

سازکەین

روو لـە جوانی و عەشق و ئەوین

پشت لـە ژینی

پڕ کەساس کەین

راموسان لـەو مانگەشەوە، تۆمارە

لـەپەڕەی سینە

ئازادم کە لـە گۆشینی دوو گردۆڵکەی

نێوەند سینە

*  *  *

هاژەو خوڕەی تاڤگەی بنار

بۆمن ..

وەك خۆراکی ڕوحە

بە مەزەی ماچی

ئەو لـێوەت گەر ساتێك بێ

عومری نوحە

زەکات نەدان بۆ موسڵمان

سەرپێچیەکی گەورەیە

زەکاتی باخی سینەم دیٚ

ماچ هەوێنی ئەو دەورەیە

- ٦٩ -

گوتم جلی ڕەشت لێدێ

خۆت ڕەش پۆش کرد

پێم گوتی: رقم لە بایە

چونکە قژت دەژاکێنێ

بۆ هەمیشە وەك من رقت لەبا هەڵگرت

هەتا وەکو ڕەشەبای ژینم هەڵی کرد

سەرەپای ژینم ڕەشپۆشە، سەرم نەبێ

سەراپای هیوام ڕەشپۆشە، جلت نەبێ.

بۆ ژاکانی قژی خاوت

دەچیە بەر با

ویست و وەفاو و ئەویندارێت

دامە بەر با

- ٧٠ -

ئازیزەکەم

تۆ گوتوتە زەنگ لێمەدە لەناوەختا

بەڵام ئەمڕۆ

لەو ناوەختە زەنگم لێدا!

لەو کاتەدا..

سەیری ئاوێنەکەم دەکرد

هاتەوە بیرم کە دەتگوت

تۆ ئاوێنەی دڵی منی

لەپڕ ئاوێنە درزی دا

بۆیە یەکسەر

دەستم بۆ تەلەفۆن بردو زەنگێکی ناوەختەم

لێدا.

- ٧١ -

ئەگەر جارێك لێت زویر بم
به ئەسپایی
لێوت بنێ بە لێومەوە
من پێم وایە
گەر شیلەی لێوت هەڵمژم
نەك زویریم
خۆشم تیایدا
دەتوێمەوە.

- ٧٢ -

بەر لـە ماچی لـێوەکانت

وام دەزانی ..

هەنگ کارێکی مەحاڵ دەکا

لـەدوای ماچت

ئینجا زانیم

کە مەحالـە هەنگوینەکەی

لـە هەنگوینی لـێوی تۆدا شیرین تر کا

- ٧٣ -

تکا دەکەم

لـە ژوانگە دوامەکەوە

نەك لـەبەر وەی چاوەڕوانم

بەڵکو ترسی ئەوەم هەیە

قەفەزی سینەم بشکێنێ

ئەو سەرشێتەی

بە پەلـەیە بۆ هاتنت

لـە سینەم سەبری نەمێنێ

یا بوەستێ بە وەستانم

- ٧٤ -

سەفەرت مەرگی شادی هێنەرە

غەریبیت..

زامی وروژێنەرە

ژینی جودایی، لە تۆی خۆشەویست

کۆستێکی تاڵ بوو

کە من نەمدەویست

بەڵام چارەنووس هەمیشە وایە

هەمیشە دژی،

ویستەو هیوایە

سەفەرت بەخێر

شادی هەمیشە

هەر سەرفرازیت بێ بە پیشە

- ٧٥ -

هەڵـچنینی تەونی غوربەت بۆ ژینی پڕ خۆشەویستی

دەستەمۆ کردنی ڕۆحە

بۆ تەنیایی،

بۆ دڵ پەستی

هەر ئەم روحانە لـێم حاڵـین

سوتاوی دەستی غوربەتن

هەر ئەم چاوانەم لێ حاڵـین

تینوی فرمێسکی میحنەتن

*　　*　　*

ئەو هەنگاوانەم لێ حاڵـین

لـینگ هاوێژی

ڕێی حیکمەتن

هەر ئەم دەستانەم لێ حاڵێن

کە دوورە دەستی

نیعمەتن

- ٧٦ -

ئەو کاروانە جێمان دێڵێ

تۆ جێم مێڵە..

گەر جێم بێڵی

بەخۆم کاروان بەجێ دێڵم

*　　*　　*

کە نۆرەم دێ ..

با دەستی تۆم لەنێو دەست بێ

لە جێی گرین

لێو بە بزەو

دڵ و سینەم پڕ هەوەس بێ

*　　*　　*

دە ئیتر هێورم کەوە ..

دڵنیام کە

زێدەتر لە جاری جاران

بەخۆتم شێت و خولیاکە

- ٧٧ -

بوو بە ساڵێك..

جگە لە خەونی ئاڵۆزو

خاتیرەی پڕ لە هەڵچوونم

نەم بینیوی

زۆر دەترسم، لەو ساڵەدا بۆیەك جاریش

منت بیر نەكەوتبێتەوە

وەك خوناوێك

لەسەر پەڕە یادگارێكا

نەخەملیوی

*　　*　　*

منت بیر نەكەوتۆتەوە

لەلا ڕێیەك

لە نوسراوی سەرپۆستێکی

دڵ شکاوێك

یا ناوم، هاوشێوەی ناوێك!

لە خوێندنەوەی شیعرێکی جوان

لە خەونێکدا، لە خەیاڵێك!

* * *

منت بیر نەکەوتۆتەوە

لە کافێیەك

لە دیدەنی دوو ئاشقی سەر مەستی ڕێك

لەو ساتانەی نۆشی قاوە

مەستت دەکەن

بە چەشنی پیێك؟!

* * *

هەر بۆ جارێك ..

بە خەندەیەك

ئاوێزانی یادگارێك بای

خۆ دەتتوانی بە نامەیەك

لـە جیاتی سڵاو و شەوباش

بنوسی (بای)!

- ٧٨ -

وەرە ئازیز
تا بانگەشە بە کۆتا دێ
دەست لەملان بین
لە گلێنەی چاوەکانی من رامێنە
منیش هەروا ..
لە گلێنەی چاوەکانت رادەمێنم
لەو مانگەدا، نامەوێ هیچ کەس ببینم
ئاوێزانی هیچ ڕەنگێ بم
پەیڤی هیچ لەکابوسەکان
سینە تەنگ و
زامی ژەنگ لێداوی جەستەی
ئەو نیشتمانە زامدارەم

بەخوێی وشە سوێرەکانیان

سارێژ ناکا

ئیتر بۆیە..

لە چاوەکانم رامێنە

تا لە چاوانت رامێنم

لە گلێنەم خۆت ببینە

خۆم لە گلێنەت دەبینم

- ٧٩ -

بیر کردنەوەم ..

وەك پێشوو نیە بۆتۆ

ژیر کردنەوەی تۆشم کەوتۆتە ئەستۆ

وامدەزانی

هەرمن سوتماکی دوریم

تەنیا من وام

بە ماچی تۆ نەبێ نایێ سەبوریم

نەمزانی تۆش

لـە دوریم بێ سەبوریت

لـە دووری من لـە رۆح و ناخ بەدووریت

ئیتر ژینم ..

لـە گەردنتەو لـە ئەستۆت

بیرکردنت

لـەدەست و پێم بۆتە کۆت.

- ٨٠ -

که گەیشتم

بینیمی چەند شڵەژاوی

وام هەست کرد لـه چاوەڕوانیم

دۆش داماوی!!

بەڵام کاتێ بەبێ ورته

ئەو دیاریانەی کەوا هەریەك

وەکو دەنکه مرواری بوون

به ملوانکەی یادەوەری تەمەنماندا

هۆندرابوەوە

گێڕاتەوەو لـه دەستت نام

ئینجا زانیم

ئەم ژووانه شووم و بەدە

گڕی بەردا ڕازوهیوام

گوڵم ئێستاش چاوەڕوانم

بگەڕێیتەوە دیوانم

ئەو ئاگرە هێورکەوە

بەرت داوەتە خەرمانم

لەبەر ئەوەی ..

تاکو ئەو ساتەی وا دەدوێم

درك ناکەم

بەتاوانم

- ٨١ -

وا هەست دەکەم

گەر وەڵامی نامەکانم بدەیتەوە

ناتوانم وەکو هەمیشە

بەئاگرو پشکۆی سینەم

پەیکەری تۆ دابتاشم

لەنێو سینەم

بەم ڕەفتارەشت دڵ خۆشم

دەزانی بۆ؟

تۆ توانیوتە بم خوێنیەوە

بە ئارامی

خۆ بخزێنیتە نێو سینەم

- ٨٢ -

ئازیزەکەم ..

کاتێ لەگەڵ هاورێکانم کۆ دەبمەوە

پەسنی کچێکی جوان دەکەن

یا بە یەکێك دا هەڵدەڵێن

وا هەست دەکەم

ئەوان خۆیان نەبان دەکەن

بەچەندانی دەشوبهێنن

نازانن کە بەیەك وشە

بە جوانیەکەی تۆی بچوێنن

ئەوان وەك من

شارەزا نین و نازانن

کەوا جوانی هەموو دنیا، بەچاوی من

لە ڕووخسارت بەدی بێنن.

- ٨٣ -

هەرکەسەو بەچەشنێك

جوانە

ئەتۆ زیزبونت لێ نایێ

لەبەر ئەوەی

هەرچەند خۆت گرژو مۆن دەکەی

هەرگیزاو هەرگیز

ناتوانی

میهرەبانی

لەڕووخسارت تەرە بکەی

- ٨٤ -

هەر جارێکی کەوا تۆ دێی

لە پێش ئەوەی

هەست بە خشپەی پێشت بکەم

یاخود وەکو تارماییەك

نیگات بکەم.. هەست پیٚ دەکەم

پێشتر وامدەزانی بۆنی گەردنی تۆ دەناسمەوە

ئەو گەردنەی ئۆبالێکە بە گەردنی کەساسمەوە

ئەمجارەیان هەستی بۆنم فەرامۆش کرد

گوێم دایە ترپەی دڵی خۆم

لەگەڵ نزیك بونەوەتدا

هێزی تیا نەما تان و پۆم

ڕیشەت لە ناخ هەڵتەکاندوم

چراویلکەی چاوەڕوانیت

لە دیوانی دڵی توێ توێ

هەڵکورماندووم

وەك هەمیشە..

سینەت لەپێش خۆتدا دەگات

ئەو سینەیەی، هەردەم خۆ دەخزێنمە ناوی

تاکو کونجێکی ببەخشی

بەو دڵە پارە پارەیەی

خولیایە بگا بە ئاوات.

- ٨٥ -

براكەتم زۆر خۆشدەوێ

لەبەر بزە وێكچوەكەی لەگەڵ تۆدا

كە ئەبرۆی دایكت دەبینم

كڕنووش دەبەم بۆ یەزدانی پاك و مەزن

لە پێكانی یەكەم تیری كوشتەی خۆمدا

كاتێ باوكت دادەمێنێ و سەرنجی قووڵی دەبینم

وا هەست دەكەم تۆی.. غەمگینی

منیش لەجێوە غەمگینم

هەموو رۆژێك لە خەیاڵم وێنا دەكەم

گەر تۆی گوڵ بووی بەبەشی من

گریمانەیەك دادەنێم

نزا دەكەم

وێنای بێچوی خۆمان دەکەم

ئەگەر کچ بێ

لەتۆ نەچێ!!

ئەگەر هاتوو بەقەد تۆ سەرنج ڕاکێش بێ

وەکو ئێستا

ماڵی وەچەیەك تێك دەچێ.

- ٨٦ -

لەو ڕۆژەوەی کە ڕۆیشتی

منی تەنیا

هەست بە ژیانی خۆم ناکەم

تامی زمانم نەماوە

بۆنی هیچ گوڵێکیش ناکەم

بینایی چاوەکانیشم ڕوو لە دەرگای گەڕانەوەن

دوو دەستیشم

هەر خەریکی پاڕانەوەن

*        *        *

لەدوای ساڵێك ئنجا زانیم

تۆ بەتەنها نەڕۆیشتی

بەڵکو.. حەزو جوانی و بزەو

خۆشەویستی و

هەر پێنج هەستی پڕشنگ داری منیشت برد

تازە زانیم کە بۆ ماڵئاواییت نەکرد

تا هەر لـە خەودا پێم بڵێی

منیش لـەتۆ تەنیا ترم

لـە غوربەت دا

لـە جیاتی تۆ

تەنیایی لـە باوەش دەگرم

- ٨٧ -

وامدەزانی

رۆژگاریش وەك دایکم وایە

نازو سۆزم رادەگرێت و دەمپارێزێ

لە بەندەنێ

ژیان بێشکەی ئارامیە

بەشێنەیی رامدەژەنێ

وامدەزانی

گڕوگاڵی مناڵیم شی دەکەمەوە

لە پەیڤینم

بزە بۆ سەر لێوی لاویم دەگێڕمەوە

بە ئەسرینم

وەلێ ئەفسوس

**پەیڤینم خۆی گرڕو گاڵە**

**ڕۆژگار وای قۆنداغە کردووم**

**نەك سۆزو ناز**

**رۆحی داوم لە قەنارە**

- ٨٨ -

من گیرۆدەم
نەك گیرۆدەی خاڵ و ئەبرۆت
لێوی سورو زەردە لیمۆت
بالاْت یا نیگای ناسکت
یا سەرینێ وەك باسكت
بە تەنیا گیرۆدەو خولیای زمانتم
تەنیا شێتی
وشەی تەنیا گیانتم
هەرکاتێ پێم دەڵێی شێتە
دەروونم خاکی بەر پێتە

- ٨٩ -

ئەتۆ کەی هەست بەمن دەکەی؟!

کەی دەزانی، ساتە بەبێ تۆییەکانم

چەند دژوارن

کەی دەزانی..

بزەبێ تۆ چەند نامۆیە

شادیەکانم بەبێ تۆیی

بێ هەوارگەو بێ ژوانن

کەی دەزانی..

چەند شەکەتی تەنیاییم و ئاوەدانیم

بەتەنیایی چەند وێرانن!

بە ئیشقی تۆ زیاتر لەوە دڵنیابووم

دایکە حەوا پارچەیەك بوو

لەپەراسوی باوکە ئادەمەوە دەرچوو.

- ٩٠ -

خۆ من ڕێژنەی ئەو بارانەم نەناسیەوە!

کەچی ئەو منی ناسیەوە

کە داباری

دڵۆپ..دڵۆپ

بۆم هاتنە گۆو پرسیاریان کرد

کوا مەعشووقە سەرمەستەکەت؟!

منیش سەرم دا چەماندو

ورتەم نەکرد

گوتیان ئێمە

بەپەلە بوینەوە هەڵم و

خۆمان تێکەڵ کرد بەم هەورە

ڕەش و چڵکن و دزێوە

هەر بۆ ئەوەی

جارێکی تر دا ببارین بەسەر کولـّم ە

لـێوی ئێوە.

- ٩١ -

ئەو دڵۆپە فرمێسکانەی بۆم دەڕێژی

زۆر جیاوازن

لەو دڵۆپە فرمێسکانەی

من لە دووری تۆ دەیڕێژم

فرمێسکی من

لە ئازاری چاوەڕوانی و

لە رەگ و ریشەی ڕۆحەوە

بە ئازاریان

پەروەردەنە

فرمێسکی تۆ

هەر کاتێکی خۆت بتەوێ

وەك هەمیشە..

لەسەر پێڵووی چاوەکانت

دا دەبارن

ئامادەنە

- ٩٢ -

چاوڕەشە گوڵ فرۆشەکە

ئەوەی گوڵ لە تۆ دەخوازێ

قەبوڵیتی

بەهەر بەهایەك تۆ بڵێی

کاتێ گوڵەکە وەردەگرێ

بۆیە وا جوان و لەبارە

چونکە لە خەندەی تۆ دەچێ

هەتا ئەو ساتە بۆندارە

تا بۆنی تۆی لێدەردەچێ

- ٩٣ -

پرسیارم کرد..

کەی دەتوانم بەڕێوەبەرت ببینم؟!

گوتت، دانیشە دە خولەك

خۆزگەم دەخواست

لە جیاتی وشەی دە خولەك

پێت بگوتبام

لێرەبەدوا .. ئەتۆ دیل و بەندی منی

لەسەر ئەو کورسیە دانیشە

ورتە نەکەی

لێم رامێنە بە هێمنی

- ٩٤ -

بیر لە ئێستا ناکەمەوە

ئێستا مەستم

تەنها ڕەزامەندی تۆیە

ئەوەی کەوا

پێی سەرقاڵ و پێی پەیوەستم

بیر لە جاران دەکەمەوە

کەتۆم نەبوو

بەدوای چیدا سەرگەردان بووم

کەلکەلەی خەیاڵی ئەوسام

بە چ ئاواتێ سندم بوو؟!

بە چ مەست بووم

کامە ئیلهام، کامە پەیام

مەبەستم بوو؟!

- ٩٥ -

تاكو ئێستاش سەردەرناكەم

بەبۆنەی تۆوە سروشتی ئەو نیشتمانەم خۆشدەوێ

یا بەبۆنەی نیشتمانە

لەخۆم زیاتر تۆم خۆش دەوێ!

ئەو چیمەن و مێرگە جوانەی

پڕ لە ڕەوەزو كانی بوو

بەر لەدیدەنی تۆش لەوێ

هەوای پاكم هەڵمژی بوو

لەسەر ئەو كانیەی تۆم بینی

بەدەیان جار

لە ئاوە سازگارەكەیدا

وەك ئاوێنە

خۆم بینی بوو

وام وێنا دەکرد بەهەشتە

بەڵام بەر لە دیدەنی تۆ

بەهەشتێکی بێ حۆری بوو

- ٩٦ -

تۆ چاوی خۆت..
ماچی پەنا دەرگات بیرە؟!
دیداری پڕ لە گوفتاری
پاسی شەستی و
نامەکانی نێو شقارتەو
پیاسە کورتەکانی پارکی
خانزادو گلکەندی ئەوسات
لە دەریای گریەدا ژیرە؟!
سوێندت دەدەم
بە گۆرانی کراس زەردیێ
بە ئاوازە ناوازەکەی
دەنگی زوڵاڵی مەیادە

بەو فرمێسکە بە سۆیانەی

چارەم دەکردن بەبادە

تۆ زیاتر منت لە یادە

یا من زیاتر

دەسوتێم و تۆم لە یادە؟!

- ٩٧ -

کاتێ سەرت لەسەر سینەم

وەکو بێشکە

بەلێدانی ترپەی دڵم

دە هەژاوە

تۆش لە مانگە شەو ڕامابووی

من لە تەماشای هەردووکتان

تامەزرۆییم

لێ دەتکاوە

لێمت پرسی: ئەرێ بۆ وای..

ئەو ساتانەی لەگەڵ مندای بۆ ساتێ حەجمین

هەڵوەدای ؟!

منیش گوتم:

ئازیزی من

بۆ نازانی، ئەوە خورپەی دڵی تۆیە
گێنگڵ دەدا لـە سینەی من ؟!

- ٩٨ -

قەت پرسیوتە!
ئەو گوڵـە داماوەی کەوا
لـەنێوانی جووتە سێوت جێت کردەوە
بۆ دوای کەمێك..
تەنها قۆزاخەی مایەوە؟
ئەو گوڵاوە فەڕەنسیەی
کە بەمەرجی مانەوەی کاتێکی درێژ
وەکو دیاری بۆم هێنابوی
پەرشی مەچەك و گۆنات کرد
لـەدوای کەمێك..
بەرامەشی نەمایەوە؟
ئەو دەسماڵـە ئاوریشمیەی

لەنێوانی پەنجەکانتا

سەمای بۆ ڕووخسارت دەکرد

بۆ دوای کەمێك..

کەوتە سڕینەوەی مێژوو

ئازایەتی نیگاکردنی

رووخسارتی تیا نەمایەوە؟

دڵنیام کە نەت پرسیوە، وە ناشزانی

تەنها تاکە نیگاییێکت

بەسە بۆ وەی

بەردکەی بە ئاو

سەدان جادو بکەی بەتاڵ

نەك گوڵ و

گولاو و

دەسماڵ

- ٩٩ -

من تۆم هەبێ

چ باکێکم بە سروشتە؟!

من لـە جارێك زیاتر ناژیم

خوا ئەوەندەی پێ بەخشیوم

خۆ وەك تۆ نیم

سێ جار بژیم!!

جارێك کەنیشکە کوشتەی من

جارێك حۆری و

جارێکیشیان وەك

فریشتە

- ١٠٠ -

لە پێشینان دا گوتراوە
هەر زاڵمێك زەواڵێكی هەیە، گیانە
کەچی توخمت هەردوکیانە
کاتێ کە زوڵمم لێدەکەی
خەندە زەواڵ ئاسایەکەت
زوڵمەکەم وا لێ ون دەکات
وەك ئەوەی نەمدیبێ هیچ کات

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- بەرامەی عەتری رابردوو/ شیعر.

٢- تابلۆکانی قاوەخانە بەلاشەکە / چیرۆك.

٣- ١٠٠ شنەی ئەوین/ شیعر.

## بڵاوکراوەکانیماڵی کتێب

١- ئەلف

٢- ١٠٠ شنەی ئەوین/ شیعر.